

## غەفوور ساڵح:
# وەرگێڕان داهێنان نییە، بەڵکو خیانەتە لە داهێنان

غەفوور ساڵح ساڵانیکی دوورودرێژە هەم وەک چیرۆکنووس، هەم وەک ڕۆماننووس، هەمیش وەک ڕەخنەکار، ئیش لە نێو ئەدەبدا دەکات و هەوڵ دەدات بە شێوەی تایبەتن خوێندنەوە بۆ بەرهەمگەلی کوردی و زمانەکانی تر، بکات. بێجگە لەمانەیش، چەندین کتێبی هەن لە بواری وەرگێڕاندا، کە توانیویەتی کتێبگەلێکی جوان، بۆ سەر زمانی کوردی، وەرگێڕێت. دوای ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی، لەم دیمانەیەی کوواری "نەوشەفەق"دا، لە هەمبەر کۆمەڵێک پرسی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی، وەرامی پرسیارگەلی داونەتەوە و هەندێ جار بە درێژ، هەندێ جاری تریش بە کورتی، ڕوانینی خۆی لە هەمبەر هەر پرسێکدا، کە وەک پرسیار دەخرێتە بەردەمییەوە، دەردەبڕێت:

* له نێو ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا وەکو نووسەرانی تر دەرناکەویت، تەنیا لە چەند کۆوارێکی وەک ڕامان و ئاینده، جار جاریش کۆوار و ڕۆژنامەی تر نەبێت، نووسین و وەرگێڕانەکانت نابینرێن. لێرەشدا مەبەستم ئەوەیە کە ڕێکلام بۆ گەلێک نووسەر دەکرێت، بەڵام بۆ تۆ نا. هۆکارەکان کامانەن؟

ڕەخنەش لە لای من هەڵبژاردن نەبووە، بگرە شتێکە خۆڕسک و ئەنجامی زۆر خوێندنەوەی خۆم هاتووە

– من بەشبەحاڵی خۆم بڕوام بە ڕێکلام نییە، حەز دەکەم نووسینەکانم ڕێکلامی خۆم بن. من ماوەی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە دەنووسم، تا ئێستا چوار ڕۆمان و سێ کۆمەڵە چیرۆکم بڵاو کردووەتەوە، وەرگێڕانی زیاتر لە هەژدە کتێب، کە زۆربەیان بڵاو بوونەتەوە و یەک دووانێکیان ئامادەن بۆ چاپ. ئێستاش ڕۆمانی "ئەو تاریکە ئەنگوستەچاوە"ی تاهیر بنجەلوونم کردووە بە کوردی و نیوەی لە کۆواری "پەیڤین" بڵاو دەبێتەوە. ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی "نەجیب مەحفوز"، واتە "کوڕانی گەڕەکمان"م، سەرەڕای ئەوەی شیعری دەیان شاعیری کوردم کردووەتە عەرەبی، ئەگەر کۆیان بکەیتەوە دوو سێ کتێب دەبن. ماوەی پازدە ساڵ بوو لە ڕاگەیاندنی یەکیتیدا کارم دەکرد. من ناتوانم زۆر لە خۆم بکەم و زۆر بنووسم، سەرەڕای ئەوەی من خۆم بە پڕکار دەزانم، تەنانەت زۆر جار گوتاری سیاسیش دەنووسم لە ڕۆژنامەکاندا، سەبارەت بەوەی پێویست بێت بە کێشەی نەتەوایەتیمانەوە.

زۆر جار هەندێک بابەتم بەرچاو دەکەوێت، کە بۆنی وەرگرتن و دزینیان لێ دێت، منیش وەکو ئەمانەت ناتوانم لە ئاستی ئەم کارە ناڕەوایانە بێدەنگ بم،

* بێجگە لەوەی ڕەخنەکارێکی بوێر و چالاکیت، هاوکات ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و وەرگێڕیشیت، بێجگە لەوانەش کار دەکەی، چۆن دەتوانیت لە یەککاتدا بە سەر هەر یەکێک لەم ژانرانە، هاوکات لە

کارەکەشتدا زاڵ بیت؟

– من لە سەرەتاوە بە چیرۆک دەستم پێ کردووە، دواتریش رۆمانم نووسیوە، لە نێوان ئەو دوو ژانرەشدا کاری وەرگێڕانم دەکرد و ئێستاش بەردەوامم. زۆر لە نووسەرانی دنیا، لە هەموو جۆرەکانی ئەدەب کاریان کردووە، لەم مەسەلەیەشدا پسپۆڕایەتی نییە، مەسەلەی رەخنەش لە لای من هەڵبژاردن نەبووە، بگرە شتێکە خۆڕسک و ئەنجامی زۆر خوێندنەوەی خۆم هاتووە. بابەتم بەرچاو کەوتووە و بە دڵم بووە، بە تایبەتیش چیرۆک، ئەمەش وای کردووە رای خۆم بە نووسین لە بارەیەوە دەرببڕم. من رەخنەم نەکردووەتە پیشە، بگرە شتی باش دەبینم لە بارەیەوە دەنووسم و لایەنە باش و خراپەکانی دەستنیشان دەکەم. یان زۆر جار هەندێک بابەتم بەرچاو دەکەوێت، کە بۆنی وەرگرتن و دزینیان لێ دێت، منیش وەکو ئەمانەت ناتوانم لە ئاستی ئەم کارە نارەوایانە بێدەنگ بم، چونکە کەسانی تر چاوی لێ دەپۆشن، یان زۆر جاریش بۆی پەردەپۆش دەکەن و شەرعییەت بەو کارە ناجۆرانە دەدەن، ئەمەش زەرەرێکی زۆر لە ئەدەبی کورد دەدات، ئەنجامیش نەوەی داهاتوو بڕوای بەم ئەدەبە نابێت.

* تۆ وەکو رەخنە و لێکۆڵینەوە لە بارەی شیعر و چیرۆکی چەند گەنجێکەوە نووسیوتە، یەکێک لەوانەش "ماردین ئیبراهیم"ە، لە دوای ئەزموونی ماردین و چەند گەنجێکی تریشەوە، یانی لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە، کۆمەڵێک گەنج دەرکەوتوون. ئاگەداریت لە ئەزموون و هەوڵەکانیان؟

– من کەسێکی بێ لایەنم، بە تایبەتی لە رەخنەدا، ناتوانم بە لای کەسدا دابشکێنم. بێ ئەوەی کەس بناسم رای بابەتیانەی خۆم لە بارەی هەر بابەت و نووسینێکی جوانەوە دەنووسم و دەردەبڕم. ماردین ئیبراهیم ئێستا بێتە بەرچاوم، نایناسمەوە، نە برادەرمە، نە هاوتەمەنیشمە، بەڵام یەکەم دیوانی برادەرێک پێی دام، خوێندمەوە و بە دڵم بوو، لە سەریم نووسی، دواجار خۆی هاتە لام و سوپاسی کردم، ئەوە دواجار بوو کە دیومە، دوا شیعریشی کە لە پاشکۆی "ئەدەب و هونەر"ی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ"دا بڵاو بووەوە، لەسەر ئەویشم نووسی، چونکە مرۆ ناتوانێت بە شتی باش بڵێت خراپ. لە بارەی رۆمانەکەی عەبدوڵا سەراج "هەڵکشان بەرەو لووتکە"م نووسیوە، هەروەها لە بارەی کۆمەڵە چیرۆکی "پرد"ی ئەحلام مەنسووریشەوە نووسیومە. لە بارەی قەسیدەی "شەوێک لە

شەوانی سیمرغ"ی سەلاح شوانەوە نووسیومە. لە بارەی زۆربەی چیرۆک و رۆمانەکانی محەمەد موکریشەوە نووسیومە. لە بارەی زۆربەی چیرۆکنووسانی کوردەوە نووسیومە، کتێبێکم هەیە و چاپیشم کردووە، ئەگەر تۆ بینیبێتت نێونیشانی "رەخنەی کوردی لە لووتکەی لۆژیکەوە بۆ هەڵدێری جنێو"ە. هەروەها کتێبێکی ترم لە ژێر چاپدایە بە نێونیشانی "گۆرانیی سیمرغ"، کە کۆمەڵێک باس و لێکۆڵینەوەی هەمەرەنگ و زۆرێک لە ئەوانەی تێدایە کە لە سەرەوەدا ناوم هێناون.

زۆر لە بارەی دەقی گەنجانی چیرۆکنووس و شاعیریشەوە نووسیومە، بە کوردی و بە عەرەبیش، یان بابەتیانم کردووە بە عەرەبی، لەوانیش: ئاکۆ کەریم مەعرووف، هێمن حەمەجەزا، بەهار مەحموود، تریێ مەحموود، لازۆ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، رۆژ هەڵەبجەیی، هەشن لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا باش نانووسن و ناتوانم ناوەکانیان دیاری بکەم، بۆ ئەوەی هەر کەسێک ناویم نەهێنا لێم دڵگیر نەبێت، کەمیشیان لە نزیکەوە دەناسم.

من زۆر بایەخ بە نووسینی گەنجان دەدەم، زیاتر لە نەوەکەی خۆشم هیوام پێیانە، ئەو نەوەیەی گەلێک گومان لە بەرهەمەکانیان دەکەم! من لە بارەی هەندێک بەرهەمەوە نێگەتیڤانە نووسیومە، کەچی لە لایەکی ترەوە، لە کاتێکدا خەڵکێکی زۆر بە بێ ئاگایی چەپڵەی گەرموگوڕیان بۆ لێ دەدان، ئەوەبوو دواجار زۆریان هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە من لەو بارەیەوە لەسەر هەق بووم.

* رەخنەکانت بەوە ناسراون کە رووخێنەرن، لە کاتێکدا ئەوەندەی ئاگەدار بم و بزانم، رەخنە نییە بە ناوی رووخێنەر و بنیاتنەرەوە. ئەم روانگانە چۆن لێک دەدەیتەوە؟ کامانەن ئەو نووسەرانەی رەخنەت ئاراستەی نووسراوەکانیان کردووە و بە هیچ شێوەیەک رقیان لە بەرامبەرتدا نەنواندووە؟

– بەشبەحاڵی خۆم بڕوام بەوە نییە کە رەخنەی رووخێنەر هەبێت. جگە لەوەی کە هەندێک کەس بۆ ئەوەی وەڵامی بیروڕایەکی دروستی بابەتیانەی تۆ بدەنەوە، دێنە بەرامبەرتەوە و بە جنێو و بە قسەی سارد و سووکی بازاڕی وەڵامت دەدەنەوە، لەوانەیە بەرێزیشتان ئاگاتان لەوەبێت کە رێبین هەردی و شاهۆ سەعید ئەمەیان لەگەڵ مندا کرد، بەختیار عەلیش بە ناوی خواستراوەوە ئەمەی کرد، بەڵام من هەر بە نووسینی بابەتییانەی خۆم مامەوە.

ئەگەر مەسەلەکە دزیی ئەدەبی نەبێت، لە بارەی دەقی هیچ کەسێکەوە بە شێوەی نێگەتیڤانە نانووسم، ئەمەش ئیشی من نییە، چونکە هەر شت و نووسینێکی خراپ خۆی پێناسەی خۆی دەکات، بەڵام شت و نووسینی دزراو و شت و نووسینی باش، پێویستیان بە دۆزینەوە و ئاشکراکردن و لێکۆڵینەوە هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگەداریان بێت...

* ئەگەر ورد لە چیرۆکنووسی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین بەشی زۆربەیان گەورەترین کێشەیان تەکنیک بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی "داهێنان" و "نوێخوازی"ن و خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتووەتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وەها نین. ئەو گوتارانەی لە ئێستای چیرۆکنووسانی هاونەوەی خۆتدا دەیانبینیت، تا چ ئاستێک لە حەقیقەتەوە نزیکن؟ کێن ئەو نووسەرانەی لە حەفتا و هەشتاکانەوە، بە تەکنیک و گێڕانەوەی جیاوازەوە، چیرۆک و ڕۆمانیان نووسیوە؟

– هەرچەندە پرسیارەکەت روون نییە و زیاتر قووڵبوونی دەوێ، بەڵام دەتوانم لە بارەی چیرۆکی حەفتاکانەوە، یان هەر دەیەیەکی تری سەدەی رابردوو، سەبارەت بە ئەدەبی کوردییەوە بدوێم. من لەو بڕوایەدام کە ئەدەب دامەزرێنەر بوو، بە تایبەت چیرۆکی کوردی، چونکە تا ئێستا چیرۆکێک نابینم لە لام مابێتەوە، بۆ نموونە وەکو چیرۆکی "چای شیرین" و "چاڵی جەرگی پیرەژن"ی حسێن عارف، یان چیرۆکی "شای قەرەج"ی موحەڕەم محەمەد ئەمین. زۆری تر هەن، کە لە بیرمن و پێویست ناکات ناویان بهێنم، بەڵام دوای راپەرین قەڵەمی گەنجی باش پەیدابوون و مایەی

**مرۆڤ سندووقێکی داخراوە، هەزاران دیاردە لە ناخ و دەروونیدا پەنگ دەخۆنەوە. داهێنان ئەنجامی تەقینەوەی پەنگخواردووی ئەو دیاردانەیە**

**مرۆڤی داهێنەر زیندەوەرێکی خورافییە، واتا لە کەس ناچێت و کەسیش لە ئەو ناچێت**

دڵخـۆشـین، هـاوكـاتیش دوارۆژیان رووناک دیاره، لـه هـەمـوو بوارەكـانیـشـدا هەنگاوه جـوانەكـان دەبینرێن، بـه تایبـەت لـه نووسین و بـڵاوكـردنەوەی هـەر یەكـێک لـه ژانرەكـانی چیرۆک و رۆماندا...

* روحی مـرۆڤ "بـه تایبـەت نووسـەری چیرۆک" تەنیـا ئاوێنەی خـۆیـەتی، یان لـه نێو مرۆڤدا هـەمـوو ئەو بەشـه بچووک بچووكانه هـەن، كـه بەشی تایبەت بـه ئەو نین و هـی هـەموو مـرۆڤایەتین؟ ئایا مـرۆڤ جگه لـه خۆی، نیشتەجێی هـەزاران دیارده و دەنگی كپكراو و بێدەنگی تر نییه، كه سەرچاوەكانیان دەكەونه دەرەوەی خودەوە؟

– چیرۆک وەک هونەرەكانی تر، وەكو شیعر و شێوەكاری و مـوزیک، هەڵقولاوی چوار دیاردەیـه، وەكـو بـەهره و خـواسـتی ناخ و پەیام و عـەشق، چونكه ئەو ژانره ئەدەبی و هونەرییانه، ئەمانه پیشەیەک نین لەسـەر دەستی وەستایەک فێریان ببین. بۆ نموونه، زۆر له شاعیران هـەن، كه منداڵەكانیـان نەبوونەته شـاعیر، بگره حەزیان لـه بوارەكانی باوكیانیش نەبووه، بەڵام كوڕه دارتاشێک پیشەكەی باوكی فێردەبێت و دەبێته دارتاش.

مـرۆڤ ئـاوێنەی خـۆی بێت، كـەواته ئاوێنەی مـرۆڤـایەتیـشـه. بـۆ بەشـی دووەمی پرسیارەكەشت، بێگومان مرۆڤ سندووقێكی داخراوه، هەزاران دیارده لـه ناخ و دەروونیدا پەنگ دەخۆنەوه. داهێنان ئەنجامی تەقینەوەی پەنگخواردووی ئەو دیاردانەیه، بۆیه داهێنەر شـاعـیـر بێت، یان رۆمـاننووس بێت، حـاڵەتێكی جـودایه. "ئۆسكار وایڵـد" دەڵێت: «زۆربەی خـەڵک خـەڵكی ترن، بیـروڕاكـانیـان بیـروڕای ئەوانی ترن، ژیانیـان لاسـاییكردنەوەیه و ئەشقیان وەرگیراوە» داهێنەر ئەم كەسانه نین، بەڵكو لـه هەموو لایەنەكانەوه بـه پێچەوانەن. هەمان نووسـەر دەڵێت: «ئەو پیاوەی بۆ خۆی بیر ناكاتەوه، هەرگیز بیری نەكردووەتەوە».

مـرۆڤی داهێنەر زیندەوەرێكی خورافییـه، واتا لـه كەس ناچێت و كەسیش لـه ئەو ناچێت ئارتۆر رامبۆ" كاتێک دەمرێت و دایكی و خوشكەكەی بـه خـاكی دەسپێرن و پاشـان دایكی دێتەوه، یەكسـەر نێو ماڵەكه بـه مـخوور قانگ دەدات، وەكو بڵێی تارمـایی دەعبـایەكی سـەیر دەردەكات، بۆیه دەشێ قسەكەی تۆ لـه جێی خۆیدا بێت، بەو مانایەی كه مـرۆڤ نشتـەجێی هـەزاران دیارده بێت، چونكه مـرۆڤی سـەردەركاره. دەبینین رامبـۆ كه واز لـه شیـعـر دێنێت، دەچێته ئەسیوپیا، لەوێ دەبێته قاچاخچیی تفەنگ.

* ئەگـەر كـەمـێک وردبینەوه، ئەوه دەبینـین كـه چیـرۆكی حـەفـتـا و هەشـتـاكـان،

چیرۆکێکه بەردەوام تەمی بە سەرەوە بووە، بۆ نموونە لە گەلێک لایەنەوە بارگاوی کراوە بە ئایدیۆلۆجیا، یان فیکری پێشوەخت. دەتوانین بڵێین ئەو تەمەی ئەوسا تا ئێستاش لە پاڵ چیرۆکدایە، بەڵام گۆڕانکاری تێدا کراوە و زمانی شیعری بەسەر بەشی زۆری چیرۆکەکانی ئێستادا زاڵە، ئەمەش بە شێوەیەک لە شێوەکان وەکو سیحری زمان خوێنەر فریو دەدات. ئەو روانینە لە بەرامبەر کام چیرۆکنووس کورت دەهێنێت، یان دەتوانین بڵێین: کامانەن ئەو چیرۆکنووسانەی دوور لەو تەمەی زمانی شیعر، لە نێو ئەدەبی گێڕانەوەیی کوردیدا گۆڕانکاریی بنیاتییان لە نێو پێکهاتەی چیرۆکدا کردووە؟

– پەنابردنە بەر هێما، یا تەمومژ، یا ئەو تەمەی کە تۆ دەڵێی بە سەر چیرۆکی کوردییەوە بووە، ئەوکات حاڵەتێکی سروشتی بوو، چونکە لە حەفتاکاندا بە ئاشکرا نەتدەتوانی باسی مەسەلە زەقەکان، هەر بۆ نموونەش سیاسەت بکەیت، بۆیە پەنا دەبرایە بەر تەم و رەمز.

بە شێوەیەکی راستتر، تۆ ناتوانی ئەدەب لە فیکر و سیاسەت جیا بکەیتەوە، باشترین کارە ئەدەبییەکانیش لە دنیادا ئەو کارە ئەدەبییانەن کە تێکەڵ بە سیاسەت بوونە؛ رۆمانەکانی هەمەنگوای، رۆمانەکانی تۆڵستۆی و مەکسیم گۆرکی و رۆمانەکانی ریمارک و ڤیکتۆر هۆگۆ و زۆری تر بە هەمان شێوەن. زمانی شیعر بە تایبەت بۆ چیرۆک پێویستە، هەروەها رۆمانیش، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا سەرنجی خوێنەر رابکێشرێت...

* بەشێک لە پانتاییی چیرۆک و رۆمانی کوردی، تا دوای راپەڕینیش هەردەم لە بەرامبەر حەرام و حەڵاڵ و کێشە سیاسی و ئیدیۆلۆجیاندا لەنگەری گرتبوو و گرتووە، ئەم حاڵەتە تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام ناتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئێستا کەم بووەتەوە. چیرۆکی ئێستای کوردی، بەدەر لە گوتنی حەرام و حەڵاڵ و خۆقاڵکردن بە ئایدیۆلۆجیاکانەوە، دەیەوێ چی بە خوێنەرانی بڵێت؟

– نازانم! مەبەستت لە حەرام و حەڵاڵ، لە چیرۆک و رۆمانی کوردیدا چییە؟ ئەگەر مەبەستت لە باسکردنی شتە حەرامەکانی وەک: سێکس و ئاین بێت، بۆ مەسەلەی سێکس، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە چیرۆکی کوردی دەمێکە بە ئاشکرا لە مەسەلەی سێکس دەدوێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام سێکس بە واتا ئیباحیەکەی نا... دواتر چیرۆکی کوردی وەکو دەقی هەر میللەتێکی تر، دەقێکی سیاسی، یا ئایدیۆلۆجی نییە، بگرە دەقێکی

هونەری و كەونیيە و وەک هەمـوو هونەرەكانی تر وریاكـردنەوە و چێـژدانە بە وەرگـر. ژنە رۆمـانـنووسی جەزائیری "ئەحلام مستەغانمی" پێی وایە كە ئەدەب بۆ ئەوەیە فێری خۆشەویستیمان بكات. لەوانەیە ئەم بۆچوونەی ئەو تا رادەیەک راست بێت، دیارە ئەمە وەزیفەیەكی پیرۆزی ئەدەبە، كە چیرۆک و رۆمـان بەشێكی گرینگی ئەدەبن. بێگومان چیرۆک و رۆمانی كوردیش لەمە بە دەر نین...

چیرۆكی كوردی وەكو دەقی هەر میللەتێكی تر، دەقێكی سیاسی، یا ئایدیۆلۆجی نییە، بگرە دەقێكی هونەری و كەونییە و وەک هەموو هونەرەكانی تر وریاكردنەوە و چێژدانە بە وەرگر

* منیش وەک "د. ئەحمەدی مەلا" پێم وایە پێویستە زۆر بە وردی وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە: بۆچی لەم بیست ساڵەی دواییدا رۆماننووسین و وەرگێڕان، بە لێشاو لە نێو كولتووری كوردیدا سەر هەڵدەدەن؟

– بێگومـان ئەمـە دیاردەیەكی دڵخـۆشكارە و گەلێک هۆكاری خۆی هەیە، یەكەم: دوای نەمانی سانسۆری رژێمی دیكتاتۆری، دووەم: سەرهەڵدانی پرۆسەی بەرفراوانی چاپ و چاپەمەنیی ئەهلی و حكومی، بێگومان ئەمەش حاڵەتێكی دروستە، بەڵام پێویستی بە چاودێریی وردیش هەیە.

داهێنانی چاک لە لای وەرگێڕی زمانزان لەو هەردوو زمانەی كە كاری وەرگێڕانی تێدا دەكا، خۆی لە خۆیدا نیوە داهێنانێكە

رۆمـان بە لێـشـاو بۆ سـەر زمـانی كـوردی وەردەگێڕدرێت، خوێنەران و نووسەرانیشمان بە رێژەیەكی ئێجگار زۆر روویان لەم ژانرەی نووسین كردووە، بەڵام بە بێ ئەوەی لێكۆڵینەوەگەلی قووڵ و كاریگەر لە بارەی ئەم تەرزە نووسینەوە بخوێننەوە زۆرێک لە دەزگاكانی وەشاندن بایكۆتی شیعریان كردووە ئەمە بۆ كاریگەری روون دەگەرێتەوە؟ یا؟ . پرسیاری ئەوەیە: بۆچی ژانرەكانی تر تا ئەو ئاستە بەرزە روو لە فەرامۆشبوونن.

– ئەوەی تۆ باسی دەكـــەی من وای نابینم، هیچ

دەزگایەکیش بایکۆتی شیعری نەکردووە، بگرە شیعر سێچارەکی پانتاییی ئەدەبی کوردیی داگیر کردووە، رۆماننووسەکانیش بە قەد ژمارەی پەنجەکانی دوو دەست تۆزێ زیاترن، بەلام چەندیان لە لای خوێنەری کورد ماون، ئەمەیان زۆر زۆر کەمن... رۆمان ئێستا لە دنیادا زۆر باوە و خوێنەری رۆمان لە دنیادا تەشەنەی کردووە، لە ئەوروپا خەڵکی لە نێو میترۆ و لە پارکەکان رۆمان زیاتر دەخوێننەوە، دەکرێ بڵێین ئەمە دیاردەیەکی تەندروست و دروستە.

* ئێستا دوو بۆچوون سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێڕان هەن، یەکێکیان پێی وایە "وەرگێڕان داهێنانە"، ئەوی تریش پێی وایە "وەرگێڕان داهێنان نییە". تۆ وەکو کەسێک، کە هەم نووسەریت، هەمیش جێ پەنجەت لە وەرگێڕاندا دیارە، ئەم بۆچوونانە چۆن هەڵ دەسەنگێنیت؟

– بێگومان وەرگێڕان داهێنان نییە، بەڵکو خیانەتە لە داهێنان. وەرگێڕان دیوی دووەمی بەرەکەیە، بەلام داهێنانی چاک لە لای وەرگێڕی زمانزان لەو هەردوو زمانەی کە کاری وەرگێڕانی تێدا دەکا، خۆی لە خۆیدا نیوە داهێنانێکە، وەلێ ئەوەی من رەچاوم کردووە، هەندێ جار هەندێ لە وەرگێڕانەکان دەبنە کارەسات، بۆ نموونە ئەگەر ئاگاتان لێ بێت، من چەند جارێک لەسەر ئەو وەرگێڕانە سەقەتانەم نووسیوە، ئێستا ئەو نووسینانەم بەشی دوو کتێب دەکەن. کەس نییە بڵێت: من "سامی درووبی""م لە وەرگێڕانی کارەکانی دۆیستۆیڤسکیدا، یا لە زمانی فارسیدا "محەمەدی قازی" وەکو باسی دەکەن، یا "جەبرا ئیبراهیم جەبرا" لە وەرگێڕانی کارەکانی شەکسپیردا. بە داخەوە، دەزگایەکی سانسۆری باشمان نییە تا چاوەدێریی ئەو وەرگێڕانانە بکات. من چەند ئیشێکم کردووە، کە هەردەم خۆم سانسۆر بووم. لە وەرگێڕانی "رامبۆ و زەمانی پیاوکوژان"ی هنری میللەر، کە ئێستا لە بازار نییە و ئەوەی خوێندوویەتییەوە بە دڵی بووە، تەنات بۆ جاری دووەم لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دووبارە چاپ کرایەوە، شێرکۆ بێکەس رازی نەبوو کەس پێیدا بچێتەوە، بگرە وتیشی یەکسەر بۆ چاپخانە بچێت. هەروەها هەردوو بەشی سێ و چواری کتێبەکەی "عەلی وەردی" «چەردەیەک لە مێژووی کۆمەلایەتیی هاوچەرخی عێراق»م وەرگێڕا، کە هەردووکیان هەزار لاپەڕەیە بە چاپکراوی و خانەی وەرگێڕان چاپی کردن. یا «لە خاچدانەوەی کریست»ی نیکۆس کازانتزاکیس، کە کۆمپیوتەر کراوە، بەلام لەبەرئەوەی "دلاوەر قەرەداخی" بەر لە من چاپی کرد، بۆیە پرۆژەکەی من لە لای خانەی وەرگێڕان و

خـانەی مـوکـریان پەکی کـەوت. ئەگـەرچی دلاوەر زۆر دوای من وەری گـێـڕابوو. برادەرانی کەرکووک ئاگەدارن کە من لە نێوەڕاستی هەشتاکانەوە خەریکی وەرگێڕانی بووم، ئێستاش کۆمپیوتەر و دیزاین کراوە، هەرکەسێک بە خۆی رابیینێ بۆی هەیە چاپی بکات، چونکە لە ئەدەبی عـەرەبی بەرچاومـان دەکەوێ، کـە چەند کـەسـێک دەقێک دەکەن بەعـەرەبی، ئەوەی دلاوەر لە فارسییەوەیە، ئەوەی منیش لە عەرەبییەوە، تا رادەیەک لەگەڵ دەقە فارسییەکەش لە هەندێک رووەوە بەراورد کراوە.

* زۆربەی ئەو نـووسـەرە کـوردانـەی لە ئەوروپا دەژین، پێـیـان وایە تێکەڵاوبوون بە کولتووری ئەوروپی، یانی بەشێک لە فیکریان سەرچاوەکەی بۆ کولتووری ئەوروپی دەگـەڕێتـەوە، ئەگـەر بێـتـو بە وردی تەمـاشـای ئەو نـووسـراوانەیان بکەین کـە بەرهەمـیـان هێنـاون لە مـاوەی چەندین سـاڵی رابردوودا، دەبینـین رەنگدانەوەکە بەو شێوەیە نییە کە باسی لێوە دەکەن، ئەم راسـتـیـیـەش لە نالییەوە تا ئێستا درێژەی کـێـشـاوە، بەو مـانـایەی لە بـری ئەوەی نووسـەران و ئەدیبـان نووسین و ئـەدەبی شـادمـان بەرهـەم بێنن، بەشـی هـەرە زۆریان نووسین و ئەدەبی نیگەرانیـان بەرهـەم هێنـاوە. ئەدیب و نووسـەری کـورد بەردەوام خـۆی دەخـاتـە خـەڵوەتـەوە، بەردەوام بە دوای نیگەرانیدا دەگەڕێت، لە کاتێکدا نیگەرانی لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە کێشە و دنیـا، بە بـێ ئەوەی مـرۆڤ بیـەوێ، دروست دەبێت. تۆ لە بـەرامـبـەر ئەو ئـەدەبەی نیگەرانیی بەرهەم دەهێنێت و بووەتە هۆکاری ئـەوەی خـوێنەریش بێـتـاقـەت بکات، نەک تەنیا باس لە نیگەرانی بکات، چی دەڵێیت؟

– ئەوانەی تـۆ وەکـو نیگەرانی و گـەشـبـینی و رەشـبـینـی باسـیـان دەکـەی، لە خـۆیاندا بەشـێـکی گـرینگی داهـێنانن. تـۆ ناتوانی خـەڵک داتاشی و گـەشـبـینی بکەیت. ئانـتـوان چێـخـەف ئەگەر خـەم و ناسـۆری و کوێرەوەییـیەکانی مـرۆڤی رووسـیـاییی تۆمـار نەکردایە، نەدەبووە چێـخـەف، هـەروەهـا دۆیسـتـۆیڤـسکی و گۆگـۆڵ و تۆرژنێف و زۆری تر، بینیمـان ئەدەبێک پەیدا بوو بە ناوی ریالیزمی سۆشیـالیسـتی، دەیویست دنیـا جـوانبکات و مـرۆڤ گـەشـبـین بکات، کـەچی شکسـتی هـێنا. ئەو نووسـەرانە کـە چوون بۆ هـەندەران، زۆریان کوژانەوە، چونکە هـەموو ئەدەبێک پێویسـتی بە خاک و هەوای رەسەنـی خۆیەتی، من ئەوەی بەدواداچوونی بۆ دەکـەم نابینم ئەوروپا هیچ کـاری لـێ کـردبن، چونکە زۆریان زمـانی ئەو وڵاتانە بە چاکی نازانن کە قسـەی پـێ بکەن، ئیـتر چۆن لە نهێنییەکانی ئەو کولتوورە جیا

جیایانە تێ بگەن. من هەست دەکەم لە سەدا نەوەدیان رەنگدانەوەی کولتووره کوردییەکەن، وەکو جەمال غەمبار و ئەحمەدی مەلا و بەرزان هەستیار و سەلام محەمەد و دلاوەر قەرەداخی و خالە بەکر و ئیسماعیل خورماڵی و زۆری تر.

* ئێستا لە ناوەوەی کوردستان، بە تایبەتیش سلێمانی و هەولێردا، دەستەواژەی "داهێنان" بووەتە دەستەواژەی سەر زاری تەنانەت رانانکار و رۆژنامەنووسانیش. دەمەوێ بزانم: داهێنان چییە؟ کێن داهێنەرە کوردەکان؟

– من ناتوانم بە دوو وشە باسی داهێنانت بۆ بکەم، بگرە هەر ناشتوانم. لە لای خۆمان داهێنەر نابینم، بە داوای لێبوردنیشەوە، بگرە چاکنووس دەبینم، دەبینم کەسانێک هەن دەقی جوان دەنووسن، ئەمەش چ لە شیعر بێت، چ چیرۆک بێت، یا لە رۆمان بێت، چونکە لە پرسیاری پێشوو وتت کارتێکردنی ئەوروپی هەیە لەسەر نووسەرەکانمان، بۆیە خەڵکی تر لە داهێنان لە ئێمە لە پێشترن، ئێمە دەشێ باش بنووسین، بەڵام داهێنەر نین.

* ئەو رێگایانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان نووسەر و وەرگر؟

– زمان و دەقی جوان...

* لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ریشەییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەوروپادا ئەزموون کراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەش سوودیان لێی وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟

– من بڕوام بەوە نییە ئەدەب بە زمانی بازاڕی بنووسرێت، یەکێک لە شتە جوانەکانی ئەدەب زمانە، بۆیە ئەوەی ئەدەبی خراپ لە ئەدەبی چاک جیا دەکاتەوە، تەنیا زمانە. لە ئەوروپا تیرۆزە دەکرێت بۆ زمان و زمانی دەق، لەوانە "رۆڵان بارت" و "جاک لاکان" و "تازفیتان تۆدۆرۆف" و زۆری تریش...

* شیعری ئێستا، بە شێوەیەکی بەرفراوان رووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یان خودی شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شیعری نەوەکانی پێشوو، کە گرینگیی بە خەمەکانی کۆ دەدا، ئەم گۆڕانکارییەی ئێستا لە بنیاتی دەقە هاوچەرخەکانەوە

هەستی پێ دەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکات؟

– من وای نابینم کە خەم هەبێ هەبێ هی تاک و خەمیش هەبێ هی کۆ بێت، چونکە خەم یەک چەمک و رووداوی هەیە، خەم لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک بووە، کە خەم هەبوو شیعریش دەبێ؛ شیعر زادەی مێشکە پەککەوتووەکەی مرۆڤە لە خەمدا. خەمی رەش و سپی نییە، خەم نە رۆژهەڵاتییە و نە رۆژئاواییە، خەم مرۆڤایەتییە، بۆیە دەبینی بچووکترین پارچە زەوی مرۆڤی بێ شیعری لێ نییە.

* ئەگەر خوێنەر لە خولقاندنی مانا هاوشانی دەقنووس بێ، ئەی دەقنووس چۆن هاوشانی لەگەڵ پێکهاتەی دەقدا فەراهەم دەکا؟

– پێم وایە هەمـــوو نووســـەرێک بۆ خــۆی دەنووسێ. من کـــاتێ دەنووسم بیـــر لە بەرامبەرەکەم ناکەمەوە، چونکە نازانم خوێنەرەکەم کێیە...

* بەشێک لەو دەقانەی بە ناوی نوێخوازییەوە دەکەونە بەردەستمان، ئەوەندە ئاڵۆزن، کە خوێنەر گومان لە توانای نووسەرەکانیان دەکات، ئەمەش بەو مانایەی کە هەندێک نووسەری کوردی لەبەر نەبوونی پاڵنەر و هێزی گەورەی دەربڕین، پەنا دەبەنە بەر نووسینی ئاڵۆز، بە بێ ئەوەی وەها نووسینێک پێشی بگوترێت "فۆرمی گران". ئەم روانگەیە چۆن لێک دەدەیتەوە؟ ئەو نووسەرانە کێن، کە وەها دەنووسن؟

– ئەوانە کێشەی نەخوێندنەوەیان هەیە، تۆ ئەگەر زۆر بخوێنیتەوە، لە دنیای نووسین تێ دەگەیت و پێویستت بە ئاڵۆزبوون و لە خۆ ئاڵۆزکردن نابێت. ئەمرۆ ئەدەب لەوە تێ پەڕیوە کە نووسەر تەنیا زمان بەکار بیات، چونکە وەرگر ئامرازی تری هەیە ئەمرۆ، کە بە ئاسانی دەستی دەکەون، وەک سەتەلایت و ئەنتەرنێت، کە سوودی باشیان لێ دەبینێ.

* داهێنان و رێکلام لە ئێســـتادا هاوشـــانن لە خســـتنەڕووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو رێکلامەی لێرەدا مەبەستمە، بە سەر خوێنەر، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا خوێنەری دەروێش و راگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حزبەکان دابەش بووە. نووســـەری ئەفرێنەر بۆ ئەوەی پردێک دروست بکات، تا داهێنان و رێکلام بە یەکتر بگەیەنێ، چی بە شێوەی تەندروست کۆمەکی دەکات؟

– ئەمە پەتایەکی کوشندەیە...!

* چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– هیچ...

* کورد رۆشنبیری هەیە؟

– ناتوانم وەڵامی ببڕای بېرت بدەمێ، ئەگەرچی گومانم هەیە... حەز دەکەم ئەو خوێندنەوەیەم کە بۆ کتێبەکەی "ئیدوارد سەعید" کردوومە، بخوێنیتەوە، کە لە بارەی رۆشنبیرەوەیە و لە ژمارە ٨٦ی کۆواری "ئایندە"دا، بە ناوی «ئەو خوداوەندەی کە هەمیشە شکست دێنێ» بڵاو بووەتەوە.

* رۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستای کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟

– نەخێر...

* لە نێو "رۆشنبیر"انی ئێستای کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەماگەلی تەندروستییان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆ ئەم گرووپانە، هاودەمیش هەندێک لە راگەیاندنە دەرویشەکانیان، هەر دەمێک و کەسێک وەک "رۆشنبیری گەورەی کورد" دەناسێنن؟ کورد رۆشنبیری گەورەی هەیە؟

– ئێستا نەخێر، هەیبوو، ئەویش مامۆستا "مەسعوود محەمەد" بوو. پێم وایە "نەوشیروان مستەفا ئەمین"ش تا رادەیەک...

* کاتێک بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ رۆمان و چیرۆکی حەفتاکانی کوردی، دەبینین وەک هەبوون چیرۆکمان هەیە و دیدی بیۆگرافیانەی نووسەرەکانیان هەردەم هەوڵی سەلماندنی بوونی دەقەکان دەدەن، نەک پرسیار... بۆ ئەوەی چیرۆکیش لە بەردەم

مرۆڤدا ببێت بە پرسیار، لە روانگەی تۆوە ئەو رەوتە چۆن وەربچەرخێنین؟

– دەبێ ئەم پرسیارە بۆ هەموان بێ، بۆ ئەوانەی دەزانن لە بارەیەوە بدوێن، نەک بە تەنیا بۆ من، چونکە رەنگە لەم بارەیەوە بۆچوونی جیاوازم لەگەڵ ئەوانی تردا هەبێت..!

* رۆمانی کوردی تا چەندە توانیویەتی سوودی تەندروست لە ئەدەبیاتی جیهانی وەرگرێ و لە بەرژەوەندیی ئەدەب و داهێنانی کولتووری کوردیدا بە کاری بێنێت؟

– ئەوەی من لێیەوە ئاگەدار بم و بیزانم، ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی سوودی وەرگرتووە، تەنانەت لە هەندێک کتێب و حاڵەتدا، وەرگرتنی دەقاودەقی دەقە جیهانییەکانیش دەبینرێن.

* دەتوانین بڵێین کولتووری رۆژهەلات، کولتوورێکە دەکرێت ببێتە کەرەستەی داهێنانگەل، بەلام دەبینین خۆیان لە بەرامبەر رۆژئاواییەکاندا ئەوەندە سوودیان لێیەوە وەرنەگرتووە. ئەوە نووسەرانی رۆژهەلاتین کە جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کولتوور دەقی ئەفرێنەرانە بەرهەم بێنن، یان بینینی کولتوورەکان لە دوورەوە باشتر قوولاییەکانیان دیار دەکەون؟ یان چی؟

– من پێم وانییە، رۆژهەلاتییەکان "عومەر خەیام"یان هەیە، "فیردەوسی" و "تاگوور"یان هەیە، بەدر شاکر سەیاب و بەیاتی و ئەدۆنیس و عەبدولڕەحمان مونیف و نەجیب مەحفوزیان هەیە، دەشێ ئەم پرسیارەی بەرێزت تەنیا کورد بگرێتەوە، بگرە نووسەرێکی گەورەی وەکو "هیرمان هیسە"ش سوودی لە کولتووری رۆژهەلات وەرگرتووە.

* نووسەران هەمیشە لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا لە سەفەرگەلێکدان، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرانەتدا، بە کوێ گەیشتووی؟

– من گەیشتوومەتە لێواری عەدەم..!